# ڕستـــــــــــــــە

## نالی

«نالی لە گەورەترین شاعیرانی کوردستانە. نالی ناوی خدرە. کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئاڵی میکایلیە. ساڵی١٨٠٠ی زایینی، لە گوندی خاکوخۆڵ لە دەشتی شارەزوور هاتۆتە دنیاوە.

هەر لە تەمەنی منالّیەوە نراوەتە بەر خوێندنی حوجرە. نالی زانایەکی مەزن و ڕۆشنبیرێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە. بێجگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی فارسی، تورکی و عەرەبی بە باشی زانیوە و تەنانەت شیعریشی پێ هۆنیونەوە. بۆ دەکارهێنانی واژە بە مانای جۆراوجۆر کەس ناگاتە نالی. زۆر شیعری وای هەیە کە دوو یا سێ مانای جیاواز دەدات.

ئەو زانایە خزمەتی زۆری بە نەتەوەکەی کردووە. لە ساڵی ١٨٤٨ی زایینی کوردستان جێدەهێڵێت و دەچێتە حەج. دوای تەواوکردنی حەج ڕووی کردۆتە شام. تا ساڵی ١٨٥٤ی زایینی لە شام ژیاوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٨٧٣ی زایینی لە شاری ئەستەمبوول کۆچیدوایی کردووە و لە گۆڕستانی قەرەج ئەحمەدی ئەو شارە تەرمەکەیان بەخاک سپاردووە.»

سەرگوریشتەی سەرەوە لە چەن بەشێک پێکهاتووە. وەک: «نالی لە گەورەترین شاعیرانی کوردستانە.» و «نالی ناوی خدرە.» و «ئەو زانایە خزمەتی زۆری نەتەوەکەی کردووە.» و هتد. هەریەک لەو بەشانە واتایەکی تەواویان هەیە. یانی دوای خوێندنەوەی هەر بەشێک کەمێ ڕادەمێنین و مانایەکی تەواو و


Copyright © Kurdi.fi

سەربەخۆ لە زەینماندا خۆ دەنوێنێ، کە تێگەیشتنییان پێویستی بە لێکدانەوەیەکی تر نیە.

ئەگەر بێژین: «نالی لە گەورەترین» و «نالی ناوی» و «ئەو زانایە خزمەتی زۆری»، مانای ڕستەکان تەواو نیە، یانی خوێنەر یان بیسەر چاوەڕێیە کە درێژەی وتەکان ببیسێ، بەڵام هەر ئەوەی کە لە درێژەدا وتمان کە «شاعیرانی کوردستانە.» و «خدرە.» و «نەتەوەکەی کردووە.» مانای ڕستەکان بە تەواوی خۆ دەنوێنن.

هەرکام لەو کۆ وشانە کە خاوەنی مانایەکی تەواو و سەربەخۆن، ناو دەنێینە ڕستە.

- مرۆڤ هەمیشە مەبەستی خۆی بە شێوەی ڕستە دەردەبڕێ.
- ڕستە یەک یان کۆی چەن وشەیە کە پێکەوە پەیامێکی تەواو لە بێژەرەوە دەدەنە بیسەر.
- لە هەر کوێیەک کە ڕستە تەواو دەبێت خالێک دادەنێین.

---

## ڕاهێنان

* ڕستەی تەواو لە ئاخاوتنەکانی خوارەوەدا دیاری بکە:

1. تێگوشین بە هیوای هاوسێ وشکە.
2. پرشنگ گوڵ دەڕوێنێ.
3. ئارام دوای بیستنی وتووێژەکە.
4. کرماشان گەورەترین شاری کوردستانە.
5. هەنگ شیلەی گوڵان دەمژێت.
6. هیوا لە هەولێر.
7. گوێزی هەورامان.
8. باران نمنم دەبارێت.


Copyright © Kurdi.fi

* هەر کام لەم ڕستانەی خوارەوە بە وشەیەکی گونجاو تەواو بکە:

1. نازە یارمەتی ............................................................ .
2. دۆشاو لە ............................................................ چێدەکەن.
3. نێرگز گوڵێکی ............................................................ .
4. ئاشتی ............................................................ گەلانە.
5. ............................................................ بنووسە.
6. کوردستان مەڵبەندی ............................................................ .
7. ئێمە دەبێ بۆ خوێندن ............................................................ .
8. ئازادی ............................................................ .

---

* هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بەکار بهێنە:

نالی ............................................................

سەربەستی ............................................................

ژیـان ............................................................

ئاوات ............................................................

خۆشەویستی ............................................................

کەرکووک ............................................................

مامۆستا ............................................................

قوتابی ............................................................

هێلانە ............................................................

ئاو ............................................................

یار ............................................................

هێزا ............................................................


Copyright © Kurdi.fi